# Types of marriage and its conditions in the recorded laws of Babylon and Assyria

Mahamadamin Ali Abdulla[1], Bakhtiar Qasem Awla[2]
[1] Raparin University- College Science of Human
[2] Social Science Department, Faculty of Education, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.16*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The title "Types of marriage and its conditions in the recorded laws of Babylon and Assyria" is based on the fact that the Babylonian and Assyrian laws, as two of the oldest and most important laws in human history, paid special attention to the family and the organization of social relations and rights. Individual duties of the family within the framework of the laws are emphasized in such a way that they can be studied from different perspectives, and their different dimensions include various interpretations.The research is devoted to the types and conditions of marriage in Babylonian and Assyrian laws reflected on society, in which the social dimensions of this aspect shown in the articles and legal provisions, based on a number of scientific sources and the opinions of scholars and researchers. In addition to the summary in Kurdish, Arabic, and English, the list of sources, and the most important results, this study consists of three main topics as follows*:

*1.The family and its constituent members are identified in the recorded laws of Babylonia and Assyria*.

*2.Types of marriage in recorded Babylonian and Assyrian laws are demonstrated*.

*3.The conditions of marriage and its components in the recorded laws of Babylon and Assyria are discussed.*

***Keywords:*** *Law, Civilization, Marriage, Dowry, Family*

# جۆرەکانی هاوسەرگیری و مەرجەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا

پ. ی. د. محمدامین علی عبدالله
زانکۆی ڕاپەڕین ـ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
mihamadamin72@gmail.com
م. ی. بختیار قاسم عولا
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی پەروەردە
bakhtiar.awla@soc.soran.edu.iq

**پوختە:**

(جۆرەکانی هاوسەرگیری و مەرجەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا)، وەک ناونیشان بۆ ئەو توێژینەوە زانستییە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یاساکانی بابلی و ئاشوری وەک دوو لە کۆنترین و گرنگترین یاساکانی مێژووی مرۆڤایەتین، بایەخی تایبەتیان بە خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داوە، بە شێوەیەک ماف و ئەرکی تاکەکانی خێزانیش لە چوارچێوەی یاساکاندا گرنگی پێدراوە. ئەمەش شایەنی ئەوەیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بکرێن بە بابەتی لێکۆڵینەوە و لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە شرۆڤەبکرێت.

توێژینەوەکە بۆ باسی جۆر و مەرجەکانی هاوسەرگیری لە یاساکانی بابلی و ئاشوری، ڕەنگدانەوەی ئەمانە بەسەر کۆمەڵگادا تەرخانکراوە. لێرەدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم لایەنەی نێو  مادده و برگە یاساییەکان بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و بۆچوونی زانایان خراونەتەڕوو، کە لەلایەن توێژەرانەوە شرۆڤەی بۆ کراوە. بەگشتی جگە لەم پوختەیە کە بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزییە، لە پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان و گرنگترین ئەنجامەکان پێکهاتووە، کە بە سەر سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. خێزان و ئەندامە پێکهینەرەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا.
٢. جۆرەکانی هاوسەرگیری لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا.
٣. مەرجەکانی هاوسەرگیری و پێکهاتەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا.

**کلیلە وشە:** یاسا، شارستانیەت، هاوسەرگیری، مارەیی، خێزان.

# جۆرەکانی هاوسەرگیری و مەرجەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا

## پێشەکی

خێزان بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو، کە بە داب و نەریت و یاساکان بەستراوەتەوە. بە پرۆسەی هاوسەرگیری دەستپێدەکات و بە کۆمەڵێک پەیوەندیی تایبەت جیادەکرێنەوە، کە لە نێوان بەشداربووان و پێکهێنەرانی ئەو یەکەیەدا هەیە، ئەوانیش ژن و پیاو و منداڵ دەگرێتەوە. ئەگەر خێزانەکەش گەورە بێت، ئەوا ئەو پەیوەندییە فراوانتر دەبێت و خزمەکانیش دەگرێتەوە.

یاسای بابلی و ئاشوری بایەخ و گرنگیەکی زۆریان بە ڕێکخستنی کاروباری خێزان داوە. پرۆسەی هاوسەرگیری و جۆر و مەرجەکانی وەک ڕەهەندێکی پڕ بایەخی کۆمەڵایەتی، لە هەنگاوی یەکەمی پێکهێنانی خێزان، لە نێو چەندین ماددە و برگە یاساکە ئاماژەی بۆ کراوە. لەم توێژینەوەیدا، کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی هاوسەرگیری و مەرجەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا)، ئەنجامدراوە، ئاماژەی بۆ کراوە و شرۆڤە بۆ ناوەڕۆکی بەشێک لە یاساکانی پەیوەست بەم لایەنە کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شرۆڤەکردنی ماددە و دەقە یاساییەکان پشتبەستراوە بە تیۆری (کۆمەڵایەتی)، کە سەرچاوەکەشی بیردۆزی فەیلەسوف و کۆمەڵناسانی ناسراوی فەرەنسی هەریەک لە (ئۆگۆست کۆنت ١٨٥٧ـ Auguste Conte 1798 و ئیمیل دۆرکهایم ١٩١٧ـ ١٨٥٨ Émile Durkheim)و (ماکس فیبر١٩٢٠ ـ ١٨٦٤ Max Weber)ی ئەڵمانی، کە بە دامەزرێنەری (زانستی کۆمەڵناسی) دادەندرێن. ڕوانگەی خۆیان لە سەر بنەمای مێژوویی بۆ پرۆسەی (پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) لە چوارچێوەی بنەما یاساییەکاندا خستۆتەڕوو. پێیانوایە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دیاردە و شێوازی کارکردن و بیروباوەڕی مرۆڤایەتین و لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەریانهەڵداوە، بۆیە جیاوازن لەگەڵ دیاردە سرووشتییەکان، ئەمانە دروستکراوی کۆمەڵگەن، نەک تاکەکان. لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆری بەسەریانەوە هەیە، لە ئەنجامی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەکارهێنراوە، هەندێکجاریش شێوازی بەراوردکاری لە نێوان بۆچوونی زانایان و توێژەران لە چوارچێوەی توێژینەوەکان دەخرێتەڕوو. زانیارییەکان شیکردەکرێنەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەمەدایە کە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی یاسای بابلی و ئاشوری دەخاتەڕوو، بە تایبەتی لە لایەنی هاوسەرگیری، وەک هەنگاوی سەرەکی لە پێکهێنانی خێزان. بە تایبەت ئەوە سیمایەکی جیاوازتری سەردەمێکی مێژوویی لە ژیار و فەرهەنگی بابلی و ئاشورییەکان دیاردەخات. ئەم لایەنە بەراورد بە لایەنی سیاسی لە لایەن توێژەران کەمتر خراوەتەبەرباس، بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە پێویست زانراوە.

### ١. کورتەباسێک لە مێژووی یاسا تۆمارکراوەکانی وڵاتی نێوان دووڕووبار

یاسا بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی پوختی ڕەفتاری گشتی، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان کەسەکان دانراون و سزایەکی ماددیشی لەگەڵدایە، کە دەسەڵاتی گشتی بەسەر هەرکەسێکی دەسەپێنێت، کە سەرپێچی بکات (البکری و البشیر، ٢٠٢١: ١٩).
یاسا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی پاراستنی کۆمەڵگای مرۆیی و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە (محمد، ٢٠١٦: ٥٥٥).

ناونان و واژەی یاسا لای سومەرییەکان بە (دی di) و لە (زمانی ئەکەدی)[i]بە (دینو dinu) و لە زمانی بابلییشدا بە (دینات dināt) هاتووە، کە بە واتاکانی (کاروباری یاسایی و بڕیاری دادوەری) دێت. (زودن، ٢٠٠٣: ١٤٩)، لە پێشەکی یاسای حامورابیدا بەڕوونی ئاماژە بە چەمکی یاسا کراوە، بەشێوەی (dināt mišarīm ša ḫammurabi ukinma) بە واتای (یاسا دادپەروەرییەکان ئەوانەی کە حامورابی دەیچەسپێنێت) هاتووە (عبدالکریم، ٢٠١٦: ٦٥٥).

یەکێک لە گرنگترین ڕواڵەتە شارستانییەکانی وڵاتی نێوان دووڕووبار (عێراقی کۆن) بریتییە لە یاسا و ڕێساکانیەتی، کە بە کۆنترین یاسا لە مێژووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن. تاوەکو ئێستا هیچ کۆمەڵە یاسایەک لە بەردەستدانییە، کە لەڕووی مێژووییەوە لەوان کۆنتر بن، لەگەل ئەوەی هەندێک ئاماژە و مادەی یاسایی لە (دەقە میسرییەکان)[ii]دا هاتووە، کە مانای بوونی یاسایەکی پەیڕەوکراو دەگەیەنن، بەڵام لە شێوەی کۆمەڵە یاسایەکەی ڕێکخراو بەدەست نەگەیشتوون (سلیم، ٢٠١١: ٢٣٧). مێژووی ئەم ڕواڵەتە شارستانییە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بە یەکەمین و کۆنترین هەوڵی مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا دادەنرێت، کە بە شێوەی کۆمەڵە یاسایەکی ڕێکخراو، لە شارستانیەتی وڵاتی نێوان دووڕووباردا سەریهەڵداوە (باقر، ١٩٧٦: ١٠٥).
یاسا لە ڕووی سەرهەڵدان و پەرەسەندن و شێواز و بنەماکانی سێ شێوە لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش (سروش/ فەرمانی خودایی، نەریت و یاسا نوسراوەکان)ە.[iii]

کۆنترین چاکسازی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ سەردەمی (ئورکاجینا Urukagina 2378 ـ ٢٣٧٠ پ.ز) پاشای ناسراوی بنەماڵەی (لەگش Lagash[iv])ی سومەری دەگەڕێتەوە. چاکسازییەکانی ناوبراو لە سێ تێکستی نوسراو بە زمانی سۆمەری و بەخەتی مێخی پێکهاتووە. لە نێو پاشماوەکانی شاری (لەگش) دۆزراونەتەوە. هەوڵێکی ڕاستەقینەبووە بۆ لابردنی ئەو بارگرانییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاینیەوە بەسەر دانیشتووان، بەتایبەتیش چینی هەژار ،سەپێندرابوون. بڕیاری لێبوردنی بۆ ئەو زیندانیانەی بە هۆی نەدانی باج و سەرانەوە دەستگیر کرابوون دەرکرد. پێداگری لە سەربەستی و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگا کردۆتەوە (Gadd, 2008: 141, 142).

کۆنترین یاسای تۆمارکراو، تاوەکو ئێستا لەبەردەستدا بێت، بریتییە لە یاساکانی (ئور نەمو Ur-Nammu ٢١١٢ ـ 2095 پ.ز)[v]یاساکە[vi]پێشەکییەک و نزیکەی (چل) ماددە و برگەی یاسایی لەخۆی گرتووە، تیایدا زیاتر بابەتی پێبژاردن وەک قەرەبوو لە بەرامبەر تاوان بووە، لە ئەگەری تاوانی گەورەی وەک (کوشتنی بە ئەنقەست)یشدا، ئەوا تاوانبار هەمان سزای بۆ دیاریکراوە

(زودن، ٢٠٠٣: ١٥١). بەشێوەیەکی گشتی لە یاسای ناوبراودا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی (ژن و کاروباری خێزانی) بایەخی تایبەتی پێدراوە (Finkelstein, 1969: 523, 524).

دوای ئەو یاساکانی (لبت عشتارLipit Istar ١٩٣٤ـ ١٩٢٤پ. ز)[vii]پێنجەم پاشای بنەماڵەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتە شاری (ئەیسن Isin)[viii]دێت، کە بە یەکێک لە یاسا گرنگەکان لە قەڵەم دەدرێت، کە بە زمانی سومەری تومارکراوە. بە هۆی تێکچوونی تابلێتەکان توانراوە تەنیا (سی و حەوت) ماددەی یاسایی لە یاساکانی ناوبراو شیکردنەوەیان بۆ بکرێت (المیالی و هلال، ٢٠١٢: ٧٦١ـ ٧٦٢)، یاساکان پەیوەستن بەکاروباری ئابوری، بە تایبەتی خاوەندارییەتی زەوی، کشتوکاڵ، کاروباری باج، کۆیلە، بنەما دادپەروەرییەکان، نەهێشتنی ستەمکاری، گرنگیدان بەلایەنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی مافی کەسیەتی (الهاشمی، ١٩٨٥: ٧٤؛ و الخفاجی، ٢٠١٣: ٢٨٨).

یاساکانی شانشینی (ئێشنونا Eshnuna)[ix] گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ سەردەمی یەکێک لە پاشاکانی شانشینی ئێشنونا بە ناوی (بلالاما Blalama ١٩٠٠ـ١٨٥٠پ. ز) دەگەڕێتەوە (الهاشمی، ١٩٨٥: ٧٥؛ الناهی، ١٩٤٩: ٤١)، بە کۆنترین یاسای تۆمارکراو (بە زمانی ئەکەدی و شێوەزاری بابلی) لە قەڵەم دەدرێت. بە پێشەکیەکی کورت دەستپێدەکات و شەست ماددەی لێ ماوەتەوە، کە گرنگی بە ڕەهەندە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان داوە (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٠٥، ٢٠٩). لەبەر ئەوەی یاسای ئێشنونا، نزیکەی نیو سەدە بەر لە یاسای (حامورابی ١٧٩٢ـ ١٧٥٠ پ.ز) تۆمارکراوە. هەروەها تاوەکو سەردەمی فراوانخوازییەکانی حامورابی لە بابل بەرەو وڵاتانی دراوسێ، شانشینی ئێشنونا سەربەخۆ بووە، هەربۆیە یاسای ئێشنونا بە یاسایەکی بابلی لە قەڵەم نادرێت و لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بە گشتی باس لە ناوەڕۆکی ماددەکانی ناکرێت.

لە وڵاتی (بابل Babylonia)[x] و وڵاتی (ئاشور Assyria)[xi] کۆمەڵە یاسایەک بە دەستگەیشتوون کە بایەخ و گرنگی زۆریان هەیە، بەپێی گرنگیان باسیان لێوە دەکرێت.

یاسای حامورابی (Hammurabi ١٧٩٢ـ١٧٥٠پ.ز)، بەخەتی مێخی و بە زمانی بابلی تۆمارکراوە. بوارەکانی سیاسی، کارگێری، ئابوری و کۆمەڵایەتی لەخۆی گرتووە. دەقی ماددە و برگە یاساییەکانی حامورابی لە لایەن چەندین زانا و توێژەرەوە کاری وەرگێڕان و شیکردنەوەی بۆ کراوە، لەوانە (V. Scheil و A. Deirmel ) لە ساڵی (١٩٣٠)، ( Wilhelm, E.) لەساڵی (١٩٣١) لە دوای ئەوانیش (G. R. Driver و John, C. Miles) لەساڵی (١٩٥٢) (Meek, 1969 a: 164)، ستوونی یاساکان لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە پێشەکیەک و (٢٨٢) ماددەی یاسایی و کۆتاییەکەشی بە دەرفەت پێ دان بە کەسی ستەملێکراو بۆ سکاڵاکەی لە بەردەم یاساکە هاتووە. لەگەڵ ئەوەی یاساکانی حامورابی بە چەندین ساڵ دوای یاساکانی پێش خۆی هاتووە، بەڵام لە هەموویان گرنگترو گشتگیرترە (الخفاجی، ٢٠١٣: ٢٨٩، ٢٩١)، ماددە و برگە یاساییەکان لە بارەی دادوەری، ئاسایش، مافی جەنگاوەران و بەرپرسیارییێتیان، گرێبەستە کشتوکاڵییەکان، مەرجەکانی قەرز، باری کەسێتی وەک نەریتی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، میرات، سزادان و قەرەبووکردنەوە و کرێی خاوەن پیشەکان و بەرپرسیارییێتیان،... هتد، لەخۆ دەگرێت (سلیم، ٢٠١١: ٢٦٨). یاساکانی حامورابی زۆر گرنگ و پێشکەوتوو بوونە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی کۆمەڵگا. توێژەران بۆچوونیان وایە، حامورابی بۆ یاساکانی سوودی لە

یاساکانی پێش خۆی و نەریتی باوی کۆمەڵگا بینیوە، تەنانەت یاساکانی کاریگەریشیان لەسەر قۆناغی دواتر هەبووە (Postgate, 1994: 275; Roth, 1995 a: 71).

شایانی باسە، کە چەند ماددەیەکی تری یاسایی، لە ناو (فەرهەنگی زمانەوانی گەلانی کۆن) لە زنجیرەیەکی ناسراو بە ناوی (ana ittishu)[xii] هاتووە، مێژووی تۆماری ماددە یاساییەکان بۆ سەردەمی بابلی کۆن (١٨٩٤ـ ١٥٩٥ پ. ز) دەگەڕێتەوە، هاوسەردەمی هیچ یەک لە یاساکانی (سومەری، ئیشنونا و حامورابی) نییە. بە گشتی ژمارەیان دوانزە ماددەیە، هەریەک لە (م. ١ـ ٦) تایبەتن بەلایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان و دیاریکردنی ئەرک وماف و سزای سەرپێچی. (م. ٧ـ ١٢)یش زیاتر تایبەتن بە بابەتی ئابوری (رشيد، ١٩٧٣: ١٤٣ـ ١٤٥).

کۆمەڵە ماددەیەکی تری یاسایی لەسەر تابلێتێکی (خشتەی قوڕ) لە وڵاتی بابل دەرکەوتوون، کە پێدەچێت بۆ سەردەمی کاشییەکان بە تایبەتی ماوەی ساڵانی (١٤٦٥ـ ١١٧٦ پ.ز) بگەڕێتەوە. بەڵام تابلێتەکە زۆر تێکچووە و تەنیا (٨ ـ ٩ ماددەی یاسایی) لێی دەخوێندرێنەوە، بە شێوەیەکی گشتی ماددەکانی یاساکە زیاتر لایەنی ئابوری لەخۆ دەگرن.[xiii]

جگە لە یاساکانی سەردەمی بابلی کۆن، لە وڵاتی بابل کۆمەڵە یاسایەکی تریش دۆزراونەتەوە، کە لەسەر پارچە خشتێک تۆمار کراون و لە مۆزەخانەی بەریتانیا هەڵگیراوە، دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، بە تایبەتی لە شێوەی ڕێنووس و وشەسازی و ناوەڕۆکی یاساکە، دەرکەوت کە بۆ سەردەمی بابلی نوێ (٦٢٧ـ ٥٣٩ پ.ز) دەگەڕێتەوە، چەندین زانا و توێژەر کاری وەرگێڕان و شیکردنەوەیان بۆ تابلێتەکە کردووە، وەک: (F. Peiser) لە ساڵی (١٨٨٩)، ( B. Meissner, Tafel, V.) و (E. Ebeling) لە ساڵی (١٩١٨) (Meek, 1969 a: 197). بەشێکی تابلیتەکە تێکچووە و پێدەچێت کۆپیەکی ڕەسەنی پێش خۆی بوو بێت و تەنیا پانزە ماددە لە یاساکەدا پارێزراوە (Roth, 1995 b: 143)، لەگەل ئەوەشدا دەکرێ ماددە و بڕگەکانی یاساکە بەپێی کات و سەردەم بۆ دوو کۆمەڵە یاسا دابەشبکرێت:

**کۆمەڵەی یەکەم،** ماددە و بڕگەکانی پەیوەستن بە بابەتی کشتوکاڵ، کرێ، قەرەبووکردنەوەی زیان پێگەیاندنی کێڵگە و بەرهەم، کە هەریەک لە ماددەکانی (١ـ ٧) لە خۆی دەگرێت.

**کۆمەڵەی دووەم،** پەیوەستە بە (یاسای باری کەسێتی) کە هەریەک لە ماددەکانی (٨ ـ ١٥) لە خۆی دەگرێت (سليمان، ١٩٧٧: ٢٩٥ـ ٢٩٩). یاساکانی وڵاتی بابل، بە تایبەتی یاسای حامورابی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوان زۆر گرنگ و پێویست بووە.

لە وڵاتی ئاشوریدا کۆمەڵە یاسایەک دۆزراونەتەوە، کە لە لایەن یاساناسانەوە گرنگیان پێدراوە، دەکرێت بەپێی کات و سەردەم بۆ دوو کۆمەڵە یاسا دابەشبکرێت:

**کۆمەڵەی یەکەم:** یاساکانی سەردەمی (ئاشوری کۆن/ دەوروبەری ٢٠٠٠ـ ١٥٢١ پ.ز)، کە بەشێکی زۆر لە ماددە و بڕگەکانی پەیوەستن بە کاروباری بازرگانی، ئەو کۆمەڵە یاسایە پەیوەستە بە هەرێمێک لە ئاسیای بچووک، لە ناوەڕاستی ئەنادۆل لەو ناوچەیەی کە بە (کول تەپە)[xiv] ناسراوە و لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو و بە نشینگەیەکی گرنگی بازرگانی لە قەڵەم دراوە (Veenhof, 2007: 431). یاساکە پەیوەندی بە سیستەمی دادگا و

بنەما و شێوازی دادگایکردنەوە هەیە، بەتایبەت بواری بازرگانی لە خۆدەگرێت (باقر، ١٩٥٥: ٢٩٩).

**کۆمەڵەی دووەم:** یاساکانی سەردەمی (ئاشوری ناوەڕاست/ دەوروبەری١٥٢١- ٩١١پ.ز) کە لەسەر چەندین تابلێت تۆمارکراون و لە ساڵانی (١٩٠٣- ١٩١٤) لە لایەن لیژنەیەکی شوێنەواری ئەڵمانی و لە ئەنجامی کنە و پشکنین لە شاری (ئاشور)دا دۆزراونەتەوە، پاشان چەندین زانا و توێژەر کاری وەرگێران و شیکردنەوەیان بۆ کردووە وەک: (E. Weiner, G. Driver, J. Smith, J. Miles, T. Meek, M. T. Roth, D. Luckenbill) (Meek, 1969 b: 180).
یاساکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست نزیکەی (١١٦ ماددە)ی یاسایی لە خۆی دەگرێت، لە لایەن زانایان و توێژەرانەوە بۆ سەر چەند کۆمەڵەیەک دابەشکراون بەم شێوەیە:
ماددەکانی کۆمەڵەی یەکەم (A/ ٥٩ ماددە)، کۆمەڵەی دووەم (B/ ٢٠ ماددە). هەریەک لە تابلۆکانی (C- G/ ١١ ماددە)، تابلۆی (E/ ٤ ماددە)، (F/ ٢ ماددە)، (K/ ٣ ماددە)، (L/ ٥ ماددە)، (M/ ٣ ماددە) و (N/ ٢ ماددە) پێکهاتوون (Meek, 1969 b: 180−188).
به شێوەیەکی گشتی یاساکانی وڵاتی نێوان دووڕووبار مێژوویەکی دێرینیان هەیە و هەریەکەیان لە کات و سەردەمێکی دیاریکراو، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە. لە نێو ماددە و بڕگە یاساییەکاندا چەندین لایەن بەتایبەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، بایەخی تایبەتیان پێدراوە.

### ٢. خێزان و ئەندامە پێکهێنەرەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا:

**دەستپێک:**

خێزان وەک گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ئەو بەها و داب و نەریت و ئاکار و هەڵسوکەوتانەی، کە ئەندامانی خێزان بەڕێوەیان دەبەن، گوزارشتە لە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا مرۆییەکان، بۆیە پێویستە ڕەفتار و پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان لە سەر بنەمای ڕاست و بەشێوەیەکی تەندروست بێت، چونکە بەگوێرەی تایبەتمەندیی ئەوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێشدەکەوێت (سلیم، ٢٠١١: ٥٣)، هاوکات بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش و گەشەسەندنی ڕواڵەتە شارستانییەکانی وڵات گرنگ و پڕ بایەخن، تایبەتمەندییەکی هەرە گەورەی یاسای بابلی و ئاشوری گرنگیدانە بە ڕێکخستنی کاروباری خانەوادە لە چوارچێوەی یاسای خێزان، کە چەندین ماددە و بڕگەی یاسایی بۆ دیاریکردنی ئەرک و مافی تاکەکان و چارەسەری گرفتە خێزانییەکانی لە خۆگرتووە (Jastrow, 1915: 286).

لە وڵاتی بابل و ئاشوردا، پێکهاتەی خێزان بریتی بوو لە هاوسەران و منداڵەکانیان بە هەردوو جۆری منداڵی ئاسایی و لە خۆگرتوو،[xv] بەڵام کۆیلە و کەنیزە بە ئەندامی خێزان لە قەڵەم نەدراوە، زیاتر وەک پێداویستی سەیرکراون، کە خاوەندداریان بۆ سەرۆک خێزان دەگەڕایەوە. ئەمە جگە لە بەشێک لە کەنیزەکان، کە لە لایەن پیاوان لە چینی ئازادەوە مارەکرابوون، هەروەها منداڵەکانیشیان بە ئەندامی خێزان لە قەڵەمدراون (الهاشمی، ١٩٧١: ٣٦).

بەرلەوەی جۆر و مەرجەکانی هاوسەرگیری بکرێنە بابەتی باس، واباشە تیشکێک بخرێتە سەر پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی پێکهێنان و بەردەوامبوونی خێزان لە یاساکانی بابلی و ئاشوری و بە کورتی شرۆڤە بۆ ناوەڕۆکی بەشێک لە ماددە یاساییەکانی ئەم لایەنانە بکرێت، ئەوانیش:

## ٢. ١ خێزان و گرێبەستی مارەبڕین و هاوسەرگیری

یاساکانی بابلی و ئاشوری بایەخی زۆریان بە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتیش دروستبوون و پتەوکردنی پەیوەندی خێزانی داوە، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بە هۆکاری سەرەکی بونیادی خێزان دادەنرێن، کە ژن و پیاو کۆڵەکەی سەرەکی و ڕۆڵی گەورەی تیایدا دەبینن. هەردوو هۆکارەکەش کاریگەری بۆ سەر پەیوەندییەکانی چەندین خێزانی تر دەگوازێتەوە، کە سەرەتا لە ئەنجامدانی  هاوسەرگیرییەوە دەست پێ دەکات.

هاوسەرگیری کە بریتییە لە بەستنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان پیاو و ئافرەت لە سەر کۆمەڵێک بنەما و بنچینەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و دارایی، کە بەرژەمەندی هەردوو لایەن دادەمەزرێت. ئامانجی سەرەکی تیایدا پێکهێنانی خێزانە،  ژن و پیاو بەپێی یاسای باوی سەردەم چەندین ماف و ئەرکیان بۆ دیاریدەکرێت (ثلیجی، ٢٠٢٠: ٩٧). لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا، هاوسەرگیری وەک قۆناغی یەکەم و مەرجی سەرەکی لە پێکهێنانی خێزاندا گرنگییەکی زۆری پێدراوە. کۆمەڵگاش هانی دروستکردنی ئەو پەیوەندیەی داوە، ئەمەش لە نێو دەقی ماددە و بڕگە یاساییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. لە ناوەڕۆکی چەندین وتار و دەقی پەند و ئامۆژگاریدا هانی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە دراوە، بۆ نمونە گوتراوە:

**"ئافرەتی بێ مێرد، کێڵگەی بێ بەرهەمە."**(Pritchard, 1974: 426).

**"ماڵی بێ خاوەن، وەک ئافرەتی بێ مێردە."**(Lambert, 1996: 232).

جگە لەوە لە کۆمەڵگادا باس لە سۆزداری بەر لە هاوسەرگیری و گوزارش لێکردنیشی کراوە، ئەوەش لە بەشێک لە تابلۆکانی سەردەمی بابلی و ئاشوری ڕەنگیداوەتەوە. بەشێک لەو تابلۆیانە تێکچوون و هەندێکیان شکاون و ناوی نوسەری بەسەرەوە دیار نییە، بەڵام بەپێی ناوەڕۆکی دەقەکان دەبینرێت، کە شیعر و نامەی دڵدارییان نوسیوەتەوە و گۆرانیشیان چڕیوە، بۆ نمونە:

**"خۆشەویستی من لە ڕووناکییە و دڵم پڕ لە خۆشی و گۆرانییە."**سلیم، ٢٠١١: ٦٢).

هەروەها لە دەقێکی ئاشوریدا  هاتووە:

**"دڵم ژیر و بە ئاگایە، هەستم ...، جگەرم بە شکۆ و سەنگینە، لێوەکان تەنیا لە سەر شتی**
**جوان دەدوێن، هاوسەری دەستنیشانکراوم کێ دەبێت."** (Lambert, 1996: 230).[xvi]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردنی هاوسەری ژیان بە تەواوی لە دەست کوڕان و کچاندا نەبووە، بەڵکو چەندین هۆکاری تری وەک بەرژەوەندی ئابوری و باری دارایی و سامان کاریگەریان هەبووە (سلیم، ١٩٨٥: ٢٩) وەک هەوێنی ئەنجامدان ڕۆڵیان بینیوە.

لە وڵاتی نێوان دووڕووبار، بەر لە یاساکانی وڵاتی بابلی و ئاشوریش، ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری و بەخشینی دیاری و ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی پرۆسەکە مەرجی سەرەکی دروستبوونی خێزان بووە. بۆ نمونە لە (یاسای ئێشنونا، م. ٢٧)دا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد بە بێ ئەوەی پرس بە باوک و دایکی ئافرەتەکە بکات و لە شەوی ئاهەنگەکەشدا هیچ خوانێک و گرێبەستێکی مۆرکراویی لەگەڵ باوک و دایکی ئافرەتەکەدا نەبووبێت، ئەو ئافرەتە بە خێزانی یاسایی لە قەڵەم نادرێت، تەنانەت ئەگەر یەک ساڵی تەواویش لەماڵی پیاوەکەدا ژیابێت."** (Goetze, 1969: 162).

لە ماددەی دواتری هەمان یاسای (ئێشنونا، م. ٢٨) باس لە ئەگەری جێبەجێکردنی مەرجەکانی داواکراو لە ماددەی پێشووتر (م. ٢٧) و خێزانی یاسایی دەکات (عامر، ١٩٧٧: ٢١٤).

کەواتە ئەمە نیشانەی گەورەیی و پاراستنی شکۆمەندی خێزان و گرنگی پێدان و هاوکات پاراستنی بەها و مافە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتە، بە تایبەتی لە قۆناغی هاوسەرییەتی و لە چوارچێوەی خێزاندا. بە پێی نەریتی کۆمەڵگای بابلی بە تایبەتی لە سەردەمی حامورابی، باوک ئەرکی دیاریکردن و خواستنی هاوسەرێک بۆ کوڕەکەی لەئەستۆ دەگرت، ئەمەش لە (یاسای حامورابی/ م. ١٥٥ ـ ١٥٦) ئاماژەی پێکراوە و لە دەستپێکی هەردوو ماددەکاندا هاتووە:

**"ئەگەر کەسێک (پیاوێک) ژنێکی بۆ کوڕەکەی دەستنیشانکرد ...."**[xvii] (Meek, 1969 c:172).

بەر لە گرێبەستی هاوسەرگیری، بە پێی قۆناغ، هەریەک لە بابەتەکانی: خوازبێنی، پێشکەشکردنی دیاری و ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری هەبوون (عبدالمنعم، ٢٠١٧: ٦٦)، کە دەکرێت ئامانج تیایدا ڕەخساندنی کەشێکی لەباربووبێت بۆ ڕێککەوتنی هەردوو خێزان لە سەر ناوەڕۆکی گرێبەستەکە.

### ٢.٢ سروشت و ڕێکارەکانی خێزانداری

لە وڵاتی نێوان دووڕووبار، بە دیاریکراوی لە کۆمەڵگای بابل و ئاشوردا بەپێی نەریت، لە پێکهاتەی ژیانی خێزانیدا، باوک سەرپەرشتیار و بەرپرسی یەکەم بووە لە دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان، هاوکات (باوک) بە سەرۆکی خێزان لە قەڵەم دراوە و هەموو دەسەڵاتێکی بە سەر ئەندامانی خانەوادەکەی هەبووە (الهاشمی، ١٩٧١: ٣٦) ئەمەش لەیاساکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە: لە (یاسای حامورابی/ م. ١٤٣) دا هاتووە:

**"šum-ma la na-baṣ-ra-at-ma wa-zi-a-at bi-za bu-za-ap-pa-aḫ mu-za u-ša-am-da zinništam šu-a-ti a-na me-e i-na-ad-du-u-ši."**

واتە: ئەگەر ژنێک خۆپارێز نەبوو و زۆر چووە دەرەوە و خۆی نەپاراست، بەمەش ماڵەکەی وێران بوو و بووە هۆکاری ناوزڕاندنی مێردەکەی و لە شکۆی کەمکردەوە، ئەوا لەسەریانە بەپێی بڕیاری دادگا، ئەو ژنە فڕێبدەنە نێو ڕووبارەوە (Roth, 1995 a: 108).

لە کۆمەڵگای بابلیدا، ژن بەرپرسیاریەتی پاراستنی کەسایەتی و شکۆی مێردەکەی لە ئەستۆدا بووە، هەروەک لە (یاسای حامورابی م. ١٤٢)دا هاتووە:

**"šum-ma zinništum bmu-za i-zi-ir- ma u-ul ta-aḫ-ḫa-bza-an-ni iḳ-ta-bi wa-ar-ka-za i-na ba-ab-ti-ša 65 ip-pa-ar-ra baš ma 66 šum-ma na-**

**aṣ-bra-at-ma ḫi-di-tam 68 la i-šu u mu-za wa-zi-ma ma-ga-al u-ša-** ( Abulhab, 2017: " **bît a-bi-ša it-ta-al-la-ak. am-bda-ši zinništum ši-i, ar-** 47).

واتە: ئەگەر ژنێک ڕقی لە مێردەکەی بووەوە، پێی گوت: تۆم ناوێت و نێیە لام، لەسەر لایەنی کارگێری شارەکە پێویستە لێکۆڵینەوە بکات، ئەگەر هاتوو ژنەکە خۆپارێز بوو و هیچ تاوانێکی لەسەر نەبوو، لەکاتێکدا کە مێردەکەی زۆر دەچووە دەرەوە، هیچ گوێی پێ نەدەدا و لە ئاستی کەمکردبوویەوە، ئەوا ژنەکە هیچ تاوانی لە سەر نییە، دەتوانێت ئەو دیارییانەی لە ماڵی باوکییەوە هێنا بووی وەربگرێتەوە و بگەڕێتەوە ماڵی باوکی (Harper,1904: 50).

ئەم ماددە یاساییە کۆمەڵێک بابەتی گرنگی پەیوەندی خێزانی لەخۆگرتووە، بەوەی کە لە دادگاکاندا بە وردی بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتە خێزانییەکان کراوە و پەیوەندی خێزانی گرنگ وەرگیراوە، هاوکات هەوڵدراوە مافی ژن بە سەر مێردەکەیەوە بچەسپێندرێت و پشتگوێی نەخات. لە ئەگەری پێچەوانەدا ماف بۆ ژن دەگێڕدرێتەوە، بە گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکی، بە بێ ئەوەی هیچ تاوان و لۆمەیەکی لەسەر بێت. لە ناوەڕۆکی ئەم ماددە یاساییە دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی بابلی کۆندا گرفتی مانەوەی پیاوان لە دەرەوەی ماڵەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هەبووە و هەوڵدراوە بەپێی یاسا گرفتەکە چارەسەر بکرێت. پیاو وەک سەرۆکی خێزان ببێتە چەتری ئارامی و حەسانەوە و مایەی بەختەوەری خێزانەکەی. هەروەها لە ناوەڕۆکی ماددە و بڕگە یاساییەکانی شاری (نیپورNippur)[xviii]ی سەردەمی بابلی کۆن بە تایبەتی ماددەی (١ـ ٥) دەسەڵاتی باوک بە سەر ئەندامانی خێزان ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە لە ماددەی (٥) یاساکەدا هاتووە:

**"ئەگەر ژنێک ڕقی لەمێردەکەی بوویەوە و پێی گووت تۆ هاوسەری من نیت، ئەوا پێویستە ژنەکە فڕێ بدرێتە نێو ڕووبارەوە."** (رشید، ١٩٧٣: ١٤٣).

بە هەمان شێوە لە وڵاتی ئاشوریشدا، باوک هەموو دەسەڵاتێکی بە سەر ئەندامانی خێزانەوە هەبووە، پێویست بوو لەسەریان گوێڕایەڵی تەواوی سەرۆک خێزان بن، تەنانەت لەوێ، باوک دەسەڵاتی فرۆشتنی ژن، کچ، کەنیزەکان و بەخشینی منداڵەکانی وەک لەخۆگرتن، بۆ کەسانی تر هەبوو. ئەمەش لە نێو بەشێک لە بەڵگەنامە و گرێبەستەکانی (کڕین و فرۆشتن)ی سەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١ـ ٦١٢ پ.ز)دا هاتووە، بۆ نمونە:

"**KIŠIB $^{m}$X – (x) – $^{d}$na-na-a EN DUMU.Mí šú ina tar – bu – u – ti ta "NA – da – a – ni.**" (Dalley, and Postage, 1984: 36)

واتە: مۆری [...] خاوەنی کچەکەی (ئەو کەسەی) بۆ پێگەیاندن فرۆشتوویەتی.

"**NA . KIŠIB [x]. EN Mí šú [SUM ni].**"(Lanfranchi, and Parpola, 1990: 151).

واتە: مۆری [...] خاوەنی (هاوسەر) ژنەکەی (ئەو کەسەی) فرۆشتوویەتی.

لە دوای مردنی باوک، جێهێشتنی منداڵی ئەوتۆ، کە هێشتا ژیانی هاوسەرییان پێکنەهێناوە، ئەوا دەسەڵات و سامانی (باوک) بۆ کوڕە گەورەکەی ماڵەوە دەگوازرایەوە، بەڵام لە ئەگەری هەبوونی منداڵی بچووک، ئەوا دەکرا دایک دەسەڵاتی (باوک) بگرێتەئەستۆ (ساسون، ٢٠١٤: ٤٧).

بە شێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری نەریتی کۆمەڵگا و هاوکات پێدانی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی بووە بە هاوسەرگیریەکە، چەندین مادده و بڕگەی پەیوەست بەم لایەنە لە یاسای بابلی و ئاشوریدا ڕەنگی داوەتەوە.

### ٣. جۆرەکانی هاوسەرگیری لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری چەندین جۆر لە هاوسەرگیری هەبوون، باوترینیان بریتی بوو لە هاوسەرگیری یاسایی، کە لە چوارچێوەی گرێبەستێکی یاساییدا ئەنجام دەدرا. ئەویش بریتی بوو لە واژووکردنی پەیماننامەیەک، تیایدا مێرد مافەکانی ژن دەستنیشاندەکات و ئەو بڕە پارە و کەلوپەلانەش دیاریدەکران، کە هەردوولا لە سەری ڕێکدەکەوتن. ئەمە جگە لە پێدانی (خانوو، زەوی، هەرجۆرە کەلوپەل و پێداویستیەکی ژیان) کە هەندێکجار مێرد وەک دیاری پێشکەشی ژنەکەی دەکرد (ثلیجی، ٢٠٢٠: ٩٨ـ ٩٩).

لە یاسای بابلی و ئاشوری گرنگییەکی زۆر بە بوونی گرێبەستی یاسایی دراوە، بە تایبەتی لە هەریەک لە (یاسای حامورابی م. ١٢٨, ١٣٧ـ ١٤٠، ١٤٩ـ ١٥٠، ١٥٩ـ ١٦٠، ١٦٣ـ ١٦٤) و (یاسای ئاشوری ناوەڕاست/ تابلیتی A . م، ٢٦ـ ٣٢، ٣٩، ٤٢ـ ٤٣)، بۆ نمونە نوسراوە:

**"ئەگەر پیاوێک ئافرەتێکی هێنا و کردی بە هاوسەری خۆی و هیچ گرێبەستێکی مارەبرینی بۆی ئەنجام نەدا، ئەوا بە ژنی لەقەڵەم نادرێ."**(یاسای حامورابی م. ١٢٨) (Haeper, 1904: 45).

جۆرێکی تری هاوسەرگیری لە وڵاتی بابل و ئاشوری بە هاوسەرگیری پێنەگەیشتوو (الزواج القاصر) ناسراوە، ئەمەش بریتی بوو لە شوکردنی (کچانی نابالغ) لە تەمەنێکی بچووکدا، بەپێی بەڵگەنامە یاساییەکان ئاماژە بە تەمەنی (١٠ ساڵ)ی کراوە، بەوەی دوای مارەکردنیان، هۆکاری مانەوەی ئەم جۆرە کچانە لەماڵی باوانیان بۆ گەیشتن بە تەمەنی پێگەیشتن و تەواوکاری ئەرک و تواناکانی هاوسەریەتی بووە، پاشان دەگوازرانەوە بۆ ماڵی مێردەکەی (ساغز، ٢٠١١: ١٩٧). ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەش لە نێو چەندین مادده و بڕگەی (یاسای ئاشوری ناوەڕاست) بە تایبەتی لە (ماددەکانی ٢٦ ـ ٢٧)دا ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەها لە کۆمەڵگای بابلیدا، ئەگەر کچ نەیتوانی لە تەمەنی (١٢ـ ١٤ ساڵ)یدا هاوسەرگیری بکات، ئەوا بۆ مارەیی زیاتر پشتی بە تواناکانی باوکی دەبەست. هەندێک جاریش وەک ڕەبەنێکی نەزرکراو بۆ پەرستگا و لە لایەن باوکییەوە بەشێک لە سامان بۆ دیاریدەکرا، ئەمەش لە یاسای حامورابی لە هەریەک لە (ماددەکانی ١٧٨ ـ ١٨٢)دا ئاماژەیان بۆکراوە (دیاکونوف، ٢٠١٤: ١٨١ـ ١٨٢)، بۆ نمونە: لە (یاسای حامورابی م. ١٧٩) دا هاتووە:

**"ئەگەر ڕەبەنێکی ئافرەت یان کەنیزەیەکی پەرستگا و نەزرکراو، لەلایەن باوکییەوە لەگەڵ پێشکەشکردنی مارەیی، بەشەمیراتی خۆی لە سامانەکەی پێی داوە لە تابلۆیەکدا تۆماریکرد، دوای مردنی باوکی، بە ویستی خۆی ئەو میراتە بەکاردێنێت و لێی سەرپشکە و براکانی هیچ مافێکیان بەسەرەوە نابێت."**(Meek, 1969 c: 174).

جۆرێکی تری هاوسەرگیری، بریتی بوو لە هاوسەرگیری نێوان چینی (کۆیلە و ئازاد)، بەپێی یاسا هاوسەرگیری کەسێکی کۆیلە لەگەڵ کەسێکی چینی ئازاد ڕێگە پێدراو بووە، بۆ نمونە: لە (یاسای حامورابی م. ١٧٥) دا هاتووە؛

**"ئەگەر کۆیلەیەک، جا هی کۆشک بێت یان هی هاوڵاتی، لەگەڵ کچێکی ئازاددا هاوسەرگیری ئەنجامدا، ئەوا منداڵەکانیان ئازاد دەبن و نابنە کۆیلەی کەس و نابێت خاوەنی کۆیلە بانگەشەی خاوەنداری و خزمەتکاریان بکات.** (Meek, 1969 c: 174). ئەم ماددە یاساییەش بەڵگەی ئەوە دەخاتەڕوو، کە شوکردنی ئافرەتان لە چینی ئازاد بە پیاوێکی کۆیلە لە نەریتی کۆمەڵگای بابلی بابەتێکی نامۆ نەبووە. ئاسایی بوو ئافرەتێکی کۆیلە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک لە چینی ئازاد بکات (ساغز، ١٩٧٩: ١٩٦).

جۆرێکی تری هاوسەرگیری لە یاسای ئاشوری و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، ئەویش هاوسەرگیری نێوان پیاو و کەنیزەکەی بوو، بە مەرجی ڕاگەیاندن یاخود جاردانی و سەرپۆشکردنی کەنیزە (ساغز، ٢٠١١: ١٩٦ ;Jastrow, 1921: 38)، هەروەک لە (یاسای ئاشوری ناوەڕاست تابلێتی A، م. ٤١)دا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک ویستی کەنیزەکەی دابپۆشیت، ئەوا پێویستە پێنج بۆ شەش هاوڕێی خۆی بانگهێشت بکات و لەپێشیاندا دایپۆشێت و بڵێت: ئەمە ژنی منە، بەمەش دەبێتە هاوسەری...."** (Driver, and Miles, 1975: 12).

هەروەها بەپێی یاسای بابلی، دەکرا کەنیزە و دۆست ببنە خێزانی یاسایی خاوەنەکەی، کە ئەمەش جۆرێکی تر بوو لە هاوسەرگیری، هەروەک لە یاسای (حامورابی م. ١٤٦ ـ ١٤٧)دا ئاماژە بەم جۆرە هاوسەرگیرییە کراوە، بۆ نمونە: لەیاسای (حامورابی م. ١٤٦)دا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک ژنێکی هێنا و ژنەکەی کەنیزەیەکی پێشکەش کرد و منداڵی بۆ خستنەوە، ئیتر ژنی یەکەم مافی فرۆشتنی ئەو کەنیزەیەی نامێنێت و پێویستە ئەو کەنیزەیە پلەیەک خوارتر لە ژنی یەکەم، ڕێزی لێ بگیردرێت."**(Roth, 1995 a: 109)، هەروەها لە یاسای (ئاشوری ناوەڕاست م. ٤١ تابلۆی A)دا ئاماژە بەم بابەتە کراوە، هەروەک لەسەرەوە باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری پیاو لەگەڵ کەنیزەکەی بەپێی یاسای ئاشوری کرا.

لە وڵاتی بابل و ئاشور بە زۆری واباو بووە، پیاو تەنیا ژنێکی دەهێنا و فرەژنی زۆرباو نەبووە، بەڵام بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار و بارودۆخ بە تایبەتی لە ئەگەری ئەوەی کە ژنی یەکەم توانای وەچەنانەوەی نەبووایە، بەشێک لەپیاوان ژنی دووەمیان دەهێنا، بەڵام پلە و پایەی لەژنی یەکەم کەمتربوو (ساسون، ٢٠١٤: ٥١; Oppenheim, 1977: 77)، ئەمەش لەیاسای (حامورابی م. ١٤٥ـ ١٤٩) ئاماژەی بۆکراوە، بۆ نمونە: لەیاسای (حامورابی م. ١٤٥)دا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک ویستی ژنێکی دیکە بێنێت بە سەر ئەو ژنەیدا کە منداڵی بۆ نەخستۆتەوە، ئەوا هەرگیز نابێت وەکو یەک لێیان بڕوانێت، بەڵکو پێویستە ئەو ژنەی دەهێنرێت پلەیەک نزمتر بێت لەو ژنەی کە هەیەتی."**(Abulhab, 2017: 48).

بەبێ هیچ نمونەیەکی ئەوتۆ، توێژەرێک باس لەوە دەکات، بەپێی ناوەڕۆکی چەندین بەڵگەنامە و گرێبەستە یاساییەکانی سەردەمی ئاشوری، پیاو ناچارکراوە بۆ ماوەی (دوو ـ سێ) ساڵ چاوەڕوان بێت، ئینجا مافی ژنی دووەمی هەیە (ساسون، ٢٠١٤: ٥٢).

سەبارەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمەکان، وەک یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی پاراستنی شکۆی خێزان و مانەوەی چەتری ئارامی و پەرتەوازە نەبوونی ئەندامانی خێزان، لە یاسای بابلی و ئاشوری، بەتایبەتی لە یاسای حامورابیدا بایەخی تایبەتی پێدراوە. بە پێی یاسا بە تایبەت لە (م. ١٥٤ـ ١٥٨) ڕێگری هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمەکانی کردووە، لە ئەگەری ئەنجامدانی سزای توندی بۆ داناوە، لە یاساکەدا ئاماژە بە پێنج جۆری مەحرەم کراوە، ئەوانیش لە نێوان؛ (کچ ـ باوک/ م. ١٥٤، بووک ـ خەزور/ ١٥٥ و ١٥٦، دایک ـ کوڕ/ م. ١٥٧، دایەن ـ بەخێوکەر/ کوڕ/ ١٥٨) (دوراند، ٢٠١٤: ١٣٥ـ ١٣٧).

ئەمە جگە لەوەی ئافرەتی شوکردو مافی هاوسەرگیری دووبارەی نەبووە، تا ئەو کاتەی لە ژێر مارەیی پیاوەکەیدا بێت و جیانەبووبێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە جگە لەم پێنج جۆرەی ئاماژە بۆ کراو لە یاسای حامورابی، هیچ ئاماژەیەک بۆ هاوسەرگیری مەحرەم لە نێوان (برا ـ براژن، مام ـ برازا/ کچی برا، خاڵ ـ خوارزا/ کچی خوشک) و کوڕ لەگەڵ (مامۆژن، خاڵۆژن، پور، ... هتد) نەکراوە.[xix]

لە کاتێکدا ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لای هەندێک لە گەلانی تر بە تایبەتیش لە نێو بنەماڵەی پاشایەتیدا ئەنجام دراوە.[xx] کەچی تاوەکو ئێستا لەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستن، هیچ پاشا و فەرمانڕەوایەکی بابلی و ئاشوری ئەم جۆرە مارەیی و هاوسەرگیرییەیان ئەنجام نەداوە. هۆکاری ئەمەش جگە لەوەی کە لە یاساکانیاندا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە قەدەغەکراوبووە، هاوکات لە بری بانگەشەی خواوەندیەتی، پاشاکانی وڵاتی نێوان دووروبار خۆیان بە ڕاسپێردراوی خواوەندان بۆ چەسپاندنی دادگەری لەسەر زەوی لەقەڵەم داوە (إلیاد، ١٩٨٦: ١٠٠ـ ١٠١).[xxi]

**٤. مەرجەکانی هاوسەرگیری و پێکهاتەکانی لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلیو ئاشوری**

مەرجەکانی هاوسەرگیری لە چوارچێوەی گرێبەستێکی یاساییدا بوون، کە ئەویش بریتی بوو لە واژووکردنی پەیماننامەیەک، تیایدا مێرد مافەکانی ژن دەستنیشاندەکات و ئەو برە پارە و کەلوپەلانەش دیاری دەکران، کە هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەوتن. بۆ نمونە:

(**تیرخاتو Tirḫatu**) کە بە واتای دیاری ڕۆژی هاوسەرگیری دێت، لە لایەن پیاو بۆ کچەکە هاتووە(Gelb, and others, 1998: 12). هەروەها بە واتای مارەییش هاتووە (Johns, 2009: 63). دەکرا، پارە یان شتی تر بێت، وەک نرخی بووک سەیرکراوە، پێویست بوو کوڕەکە یاخود خێزانی باوکی زاوا، وەک مارەیی بیداتە کچەکە (العلوجی، ٢٠١٣: ١٤٥).

ئەم برەی تیرخاتو لە سەردەمی بابلی یەکەمدا لە نێوان (١ـ ١٠ شیقڵ) هەندێک جاریش (نیو مەن) زیو بووە (عبدالمنعم، ٢٠١٧: ٦٧)، چەمکی تیرخاتو لە نێو مادده و بڕگە یاساییەکاندا هاتووە، بە پێی یاسا لە ئەگەری پەشیمانبوونەوەی کوڕ یاخود زاوا، ئەوا هەرچی بەخشیوە لە مارەیی و دیارییەکان وەری ناگرێتەوە، هەروەک لەیاسای (حامورابی/ م. ١٥٩)دا هاتووە:

**"ئەگەر کوڕێک کچێک دیاری بکات بۆ خوازبێنی و لە گرێبەستێکدا مارەیی و دیاری بە ماڵە باوکی بوکێ بەخشی و دواتر حەزی لە ئافرەتێکی تر کرد بۆ خواستن، ئەوا هەرچی بەخشیوە وەریناگرێتەوە و باوکی کچەکە دەستبەسەرداگرتنی یاسایی بە سەر هەر شتێکدا هەیە کە بۆ ئەو هێنرا بوو‌بێت."**(Roth, 1995 a: 111). هەرچەندە بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ماددە یاساییە، لە ئەگەری پەشیمانبوونەوەی کوڕ یاخود زاواکە، نیوە یاخود کەمتر لەبڕی پێشکەشکراوی بۆ دەگەڕێندرایەوە (عبدالمنعم، ٢٠١٧: ٦٧)، بەڵام هەروەک لە ماددەکە هاتووە و ڕوونە، بەپێی یاسا، باوکی کچەکە دەست بە سەر هەرشتێکدا دەگرێت، کە هێنرابووبێت. هاوکات لە ئەگەری پەشیمانبوونەوەی باوکی کچەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگەکە، ئەوا کوڕەکە یاخود زاوا بۆی هەبوو داوای گێڕانەوەی دوو هێندەی مارەیی و دیارییەکان بکات، ئەمەش لە یاسای (حامورابی/ م. ١٦٠)دا ئاماژەی بۆ کراوە (Abulhab, 2017: 53).

یەکێک لە مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری، ڕەزامەندی باوک و دایکی کچەکە بووە، لەبەر ئەوەی لە خێزاندا منداڵەکان ملکەچی باوانیان بوونە (عقراوی، ١٩٧٨: ٦٠؛ سلیم، ٢٠٠٩: ٧٦).

(**بیبلام biblam**)یش بە واتای دیاری ڕۆژی نیشانکردن یاخود دەستگیرانی هاتووە، کە بریتی بوو لە بڕێک پارە یاخود سامان، کە لە لایەن باوکی زاوا بە مەبەستی خەرجییەکانی مەراسیمی ڕۆژی نیشانکردن (الخطوبة)، بە باوکی کچەکە دەدرا (قاشا، ١٩٨٤: ٨٢؛ الهاشمی، ١٩٨٥: ٩٣)، ناوەڕۆکی یاسای ئاشوری پەیوەست بەم بابەتە، ئاماژە بە چەند جۆرێک لە دیاری وەک؛ کەلوپەلی جوانکاری، زیو، مس، بەردی گرانبەها، دانەوێڵە و سەر ئاژەڵی کردووە (الهاشمی، ١٩٧١: ٧٦– ٧٧)، هەروەها لە یاسای (حامورابی م. ١٥٩ـ ١٦١) ئاماژە بەم بابەتە کراوە بۆ نمونە لە (یاسای حامۆرابی م. ١٦٠)دا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک دیاری دەستگیرانی هێنا بێت بۆ ماڵی خەزوری و نرخی هاوسەرگیری داوە، پاشان باوکی کچەکە وتی کچەکەم نادەم بە تۆ، پێویستە هەرچی وەریگرتووە دوو هێندەی بۆ بگێڕێتەوە."**(Meek, 1969 c: 173).

هەروەها (**شێرێکتو šerektu**) کە جۆرێکیتر بوو لە دیاری و لە لایەن باوک (لە ئەگەری نەمانی باوک، ئەوا لە لایەن براگەورە)ی کچەکە، بە شێوەی بڕێک لە پارە یاخود سامان بە کچەکە دەدرا، لای مێردی هەڵدەگیرا، دەیتوانی لێی سوودمەند بێت، بەڵام موڵکی ژنەکە بووە و لە کاتی مردنیدا، ئەوا سامانەکە دەگەڕێندرایەوە بۆ ماڵی باوانی ژنەکە، یاخود ئەوکەسەی بۆی دابینکردبوو (الناهی، ١٩٤٩: ٤٣)، هەروەک لە یاسای (حامورابی/ م. ١٦٣)دا هاتووە:

**"ئەگەر ژنێک پێش ئەوەی منداڵ بۆ پیاوەکەی بخاتەوە چووە چارەنووس (گیانی لە دەستدا) ئەوا هەرچییەکی لەگەڵ خۆیدا لە ماڵە باوکی هێناویەتی دەبێتە موڵکی باوکی کێژێ و زاواش بۆی نییە ڕێگری لە گێڕانەوەی بکات."**(Roth, 1995 a: 112). بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم ماددە یاساییە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە ئەگەری بوونی منداڵ، ئەوا سامانی دایک (شێرێکتو) ناگەڕێندرێتەوە بۆ ماڵی باوانی ژنەکە، ئەمەش بۆ پاراستنی مافی منداڵە.

(**نودونو Nudunnu**)ش دیاری مێرد بوو بۆ ژنەکەی (Parpola, and others, 2007: 70) وەک؛ خانوو، باخچە و هەرجۆرە موڵکێکی تر، هەندێک جاریش چەند جۆرێک لە سەرئاژەڵ...

هتد، کە تەنیا موڵک و مافی ژنەکە بوو، بە ویستی خۆی بەکاری بێنێت بەبێ ڕێگری کەس (Johns, 2009: 80, 13). سەبارەت بەم دیارییە نوسراوە:

**"ئەگەر هاتوو پیاوێک لەگەڵ پێشکەشکردنی کێڵگە، باخچە، خانوو، یان کاڵا بۆ ژنەکەی بەڵگەنامەیەکی یاسایی مۆرکراوی لەگەڵدا بە جێهیشت، ئەوا هیچ منداڵێک بۆی نییە داوای ئەو سامانە و دابەشکردنی لە دایکی بکات، پاش مردنی باوکی، بەڵکو دایکەکە سەرپشک دەبێت لەوەی چۆنی بەکاربێنێت، تەنانەت دەتوانێت بە کوڕێکی خۆی ببەخشێت، بەڵام بۆی نییە بیداتە کەسێکی بێگانەی دەرەوەی خێزانەکەی."**یاسای حامورابی/ م. ١٥٠ (Meek, 1969 c: 172).

ناوەڕۆکی ئەم مادده یاساییە، ڕێگری لەو منداڵانە دەکات، کە دوای مردنی باوکیان بیانەوێت دەستبەسەر کەلوپەل و دیارییەکاندا بگرن. ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەخاتەڕوو، کە لەم جۆرە گرفتانە لە کۆمەڵگای بابلیدا هەبووە و پێویست بووە لە ڕێگای یاساییەوە چارەسەربکرێت.

لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکانی هاوسەرگیریدا هەریەک لە بابەتەکانی: مەرجی هاوسەرگیری، کەلوپەل، خشڵ و دیاری بۆ ژن، بە گشتی ماف ئەرکەکانیش خراونەتەڕوو، ئەوەی خوارەوە نمونەی گرێبەستێکی هاوسەرگیری سەردەمی بابلی کۆنە:

**"ئێباتومEbatum هەڵساوە بە پێدانی کچەکەی بە ماڵی خەزوری کچەکە ئێلوشو- ئێبنێی Elushu- ebne، وەک هاوسەرێک بۆ کوڕەکەی (وەرەد - کوبیWarad- kube)، سابێتوم Sabetum ئەو کەلوپەلانەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ماڵی خەزوری (ئێلوشو- ئێبنێی Elushu- ebne)، کەوا لەلایەن باوکییەوە پێی دراوە، ئەوانیش بریتین لە دوو تەختی نووستن، دوو کورسی، دوو زەمبیل، بەرداش، ئاونێک، تەرازوویەک و دەستاڕێک، نەختی ژنەکە (دە پارچە زیوە)، کە هاوسەرەکەی پێشکەشی کردووە، دوای ڕەزامەندی ئێباتوم Ebatum وەریگرتووە، بەم شێوەیە چووە لای وەرەد - کوبیWarad- kube، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک سابێتوم Sabetum بە وەرد - کوبی Warad- kube گووت تۆ مێردی من نیت، ئەوە سابێتوم Sabetum دەبەستریتەوە و فڕێ دەدرێتە ڕووبارەوە، ئەگەر وەرد کوبی Warad- kube بە سابێتوم Sabetum/ی گووت تۆ ژنی من نیت، ئەوا دەبێت بەهای جیابوونەوەکەی بدات کە (سێ مەن زیوە)، ئێموک - ئەدەد Emuk- Adad و براکانی (سابێتوم Sabetum) بەرپرسن لە قسەکانی خۆیان. (بەئامادەبوونی) پێنج شایەت بە نوسەرەکەشەوە."**(فینکلشتاین و آخرون، ١٩٩٣: ١٧٢-١٧٣). بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستەی سەرەوە، جگە لە مافەکانی ژن، کە وەک مەرجی هاوسەرگیری دیاریکراون، ئەوا ئەرکی پەیوەستبوونی ژن بە مێرد و جێبەجێکردنی مافەکانی هاوسەریشی بۆ دیاریکراوە.

بەراورد بە کۆمەڵگای ئاشوری، لە کۆمەڵگای بابلیدا ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری مەرجی سەرەکی دروستبوونی خێزان بووە، ئەمەش بە ڕوونی لە (یاسای حامورابی م. ١٢٨)دا ئاماژەی بۆ کراوە، ناوەڕۆکی ماددەکە باس لە گرنگی بوونی گرێبەستی مارەبڕین وەک مەرجێکی سەرەکی هاتووە. لە ئەگەری پێچەوانەدا ئافرەتەکە بە هاوسەری یاسایی لەقەڵەم نادرێت (قاشا، ١٩٨٤: ٣٠; Hareper, 1904: 45). بەڵام لە کۆمەڵگای ئاشوری و لە هەندێک بارودۆخدا

هاوسەرگیری بەبێ گرێبەستیش ئەنجام دراوە، (یاسای ئاشوری ناوەڕاست، م. ٣٤/ تابلێتی A) ئەوە ئیسپات دەکات کە تیایدا هاتووە:

**"ئەگەر پیاوێک بێوەژنێکی هێنا بە بێ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵیدا ببەستێت، دووساڵ لەگەڵیدا ژیا، ئەوا دەبێتە هاوسەری."** (Driver, and Miles, 1975: 9).

لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ماددە یاساییە توێژەران (درایڤر و مایلز) بۆچوونیان وایە، کە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بە سەر ژیانی نێوانیان، لەوانەیە ئەو ژنە نەڕوات و لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەریدا دامەزراو بێت (Driver, and Miles, 1975: 9).

بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، لە کۆمەڵگای ئاشوری هیچ جۆرە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرگیری ئەنجام نەدراوە، بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی وەک؛ دیاری دەستگیرانی، خشل و کەلوپەلی پێشکەشکراون بە ژن، هەروەها شێوازەکانی دابەشکردن و گەڕاندنەوەیان لە هەندێک بارودۆخدا باسیان لێوە کراوە (ساغز، ٢٠١١: ١٩٨)، ماددەکانی (٢٦ ـ ٢٧، ٤٢ـ ٤٣/ تابلێتی A) لە یاسای ئاشوری ناوەڕاستدا ئەوە دەسەلمێنن، بۆ نمونە لە (ماددەی ٢٦)دا هاتووە:

**"ئەگەر ژنێک هێشتا لە ماڵی باوکیدا بژی، بەڵام مێردەکەی مرد، ئەگەر کوڕی هەبوو، هەر جۆرە خشڵێک کە مێردەکەی پێی بەخشی بێت دەیبەن، بەڵام ئەگەر کوڕی نەبوو، ئەوا ژنەکە خشڵەکان بۆ خۆی هەڵدەگرێتەوە."** (Driver, and Miles, 1975: 7 ) ئەم ماددە یاساییە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاستەقینەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هاوکات بۆ نەهێشتنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێو ئەندامانی خێزان بووە، بەتایبەتی کوڕەکان لەگەڵ باوەژن دوای کۆچی دوایی باوکیان. بەوەی یاساکە چارەسەی گرفتی سەرئەنجامی خشڵ و دیارییەکانی خستۆتەروو. هاوکات ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئەمەش دەخاتەڕوو کە لە کاتی گرێبەستی مارەبڕین لە نێو کەلوپەل و دیارییەکاندا چەندین جۆری خشڵ وەک جوانکاری بۆ ئافرەتان، بەتایبەتی لە ماددە گرانبەهاکانی وەک؛ زێڕ و زیو و چەندین جۆر لە بەردە گرانبەهاکان پێشکەشکراون (لیمی، ٢٠١٤: ٢٢٩، ٢٣٣).

سەبارەت بە ئافرەتی جیابووەوە، یاخود ئەو ئافرەتانەی کە مێردەکانیان ونبوونە یان لە هەڵمەتی سەربازیدا بە دیلگیراون، بەپێی یاسا و بە مەبەستی شوکردنەوە مەرجیان بۆ دانراوە، لە یاسای (حامورابی م. ١٣٣ـ ١٤٢، ١٤٨، و یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٣٧) ئاماژە بەم بابەتە کراوە، بۆ نمونە؛ لە یاسای (حامورابی م. ١٣٧)دا هاتووە، پێویستە پیاو دوای بڕیاری جیابوونەوە لە ژنەکەی، مارەیی و بەشە میرات بە پێی ژمارەی منداڵەکانی بە ژنەکە بدات، دوای گەورە بوونی منداڵەکان ژنەکە بۆی هەیە شوبکاتەوە (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٥٢ـ ٢٥٤). لە (ماددەکانی ١٣٣ـ ١٣٥)ی یاسای حامورابیدا باسی مەرجەکانی شوکردنەوەی ژن کراوە لەو کاتەی مێردەکەی بە دیل دەگیرا، و مەرجی سەرەکیش نەمانی خۆراکی پێویست بوو لە ماڵی ژنەکە، هەروەک لە (م. ١٣٥)ی یاساکە ئاماژەی بۆ کراوە ( Troy, 2004: 44 – 45).

هەروەها لە یاسای ئاشوریدا باسی ئەو ژنانە کراوە، کە لەلایەن مێردەکانیانەوە بەجێهێڵراون و مافەکانیان فەرامۆش کردووە، بۆ نمونە (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٣٦)دا هاتووە:

**"ئەگەر ژنێک هێشتا لە ماڵی باوکیدا بژی، یان مێردەکەی وای لێکردبێت لە گەڕەکی جیادا بژی، نە ڕۆن و خوری و جلوبەرگ و خواردن و هیچ شتێکی دیکەی بۆ نەهێشتووە، پێویستە ژنەکە**

**بۆ ماوەی پێنج ساڵ دڵسۆز بێت بۆ هاوسەرەکەی،... لە ساڵی شەشەمدا مافی ئەوەی هەیە بچێتە لای مێردێکی نوێ کە خۆی هەڵیبژێرێت....**" (Driver, and Miles, 1975: 10).

ئەم یاسایە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری بوو بە تایبەتی لە کاتی جەنگ و لەشکرکێشییەکاندا، هاوکات جگە لە دانانی مەرج، مافی ژنی تیایدا ڕەچاوکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا چەند جۆر لە هاوسەرگیری هەبوو، مەرجەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا ئاماژەیان بۆ کراوە، ماف و ئەرکی تاکەکانی خێزان بە تایبەتی ژن و مێرد بەپێی یاسا دەستەبەرکراوە، ئەمەش بۆ پاراستنی چەتری ئارامی و مانەوە و بەردەوامی خێزان زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بووە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١/ یاساکانی بابلی و ئاشوری لە دوای یاسا و چاکسازییە سومەرییەکان وەک یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین یاساکانی مێژووی مرۆڤایەتی بایەخی تایبەتییان بە خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داوە، هاوکات ماف و ئەرکی تاکەکانی خێزان بە تایبەتی (ژن و مێرد) لە چوارچێوەی یاساکاندا گرنگی پێدراوە.

٢/ لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری چەند جۆر لە هاوسەرگیری هەبووە، بەڵام باوترینیان ئەو جۆرەیە، کە پێی گرێبەست بووە و مەرجەکانی بەپێی یاسا ڕێکخراوە.

٣/ لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا فرەژنی باونەبووە، مەگەر لە هەندێک بارودۆخی تایبەتی وەک، نەزۆکی و نەبوونی توانای جێبەجێکردنی ئەرکی هاوسەری، ئەوا پیاو ژنی تری دەهێنا، بەڵام لەم بارودۆخەشدا ژنی یەکەم ماف و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەروەک جاران دەمایەوە.

٤/ بەپێی یاسا، دەکرا کەنیزە و دۆست ببنە خێزانی یاسایی پلە دووی خاوەنەکەی، هەروەها هاوسەرگیری لە نێوان تاکەکانی چینی (ئازاد و کۆیلە) ئاسایی بووە، بەپێی یاسا منداڵەکانیان ئازاد دەبن و نابنە کۆیلەی کەس، ناشبێت خاوەنی کۆیلە بانگەشەی خاوەنداریەتیان بکات.

٥/ لە ئەگەرەکانی؛ جیابوونەوە، ونبوون یاخود بەدیلگیرانی مێرد، ژن دەیتوانی دوای ماوەیەک، بە تایبەتی دوای نەمانی خۆراک، شوبکاتەوە و لەچوارچێوەی یاسادا مافەکانی پارێزراوبوون.

**پەراوێزەکان:**

---

[i] زمانی ئەکەدی: یەکێکە لە کۆنترین و یەکەمین زمانی کۆمەڵەی گەلانی ناسراو بە (سامی نەژاد)ـە، لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی زمانی ئەکەدی، لە باشوری ولاتی دووڕوبار و پاشان لە سنورێکی فراوانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن، بە هەندێک گۆڕانکاری بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارهاتووە (کابلیس, ١٩٩٥: ٥ ـ ٧).

[ii] کۆنترین یاساکانی میسری کە بە تەواوی بە دەستگەیشتوون بریتین لە چاکسازییەکانی پاشا (حورمحب Horemheb ١٣٣٥ـ ١٣٠٨ پ. ز)، و یاسای (بوخوریس Bocchoris ٧١٨ـ ٧١٢ پ. ز)، بۆ زانیاری لە سەر یاسای میسری کۆن بڕوانە (صالح، ٢٠١٢: ٢٩٩، ٤٢٠؛ الحافظ، و النداوی ١٩٨٩: ٤٥ـ ٤٦).

[iii] بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە، زیاتر جەخت لەسەر (یاسا نوسراوەکان) دەکەینەوە، بۆ زانیاری لەسەر مێژووی هەردوو شێوازی یەکەم و دووەم (سروش/ فەرمانی خودایی و نەریت) بڕوانە (الحافظ و النداوی، ١٩٨٩: ٤٢ـ ٤٦, ١٧٤؛ جعفر، ٢٠٠٢: ٢١).

[iv] لەگشLagash: پاشماوەکانی لە ئێستادا دەکەونە ناوچەیەکی شوێنەواری بە دووری (١٢ کم) لە باکوری ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی (شطرة)ی نێوان (عەمارە و ناصریە) لە ناوچەی غەراف، لە لایەن لێژنەیەکی فەرەنسی بە سەرپەرشتی (پاروParo) لە ماوەی (١٩٢٩–١٩٣٣) کنەکاری تیاکراو، بەشێکی زۆر لە تابلێتی تۆمارکراو و چەندین کەلوپەل تیایدا دۆزراوەتەوە (باقر، ٢٠١٢: ٣٠٠ـ ٣٠١).

[v] ئورنەمو: دامەزرێنەری بنەماڵەی فەرمانڕەوایی ئوری سێیەم (٢١١٢ـ ٢٠٠٤ پ. ز) دوا بنەماڵەی فەرمانڕەوایی سومەرییەکان بوو، ناوبراو پاشایەکی بەهێز بووە و توانیویەتی بناغەی شانشینێکی بەهێز دروستبکات، کە بۆ ماوەی سەدەیەک ڕۆڵی بەرچاوی سیاسی و شارستانی گێڕاوە (ستین, ٢٠١١: ٢٠٩, ٢١٦).

[vi] لەساڵی (١٩٥٢ز) توێژەری ئۆکرانی (کریمەر Kramer) توانی تابلێتی دەقە یاساکانی ئورنەمو، بناسێنی، ئێستا لە مۆزەخانەی ڕۆژهەڵاتی کۆن لە تورکیا پارێزراوە، تابلێتەکە لە نێو پاشماوەکانی شاری (نیپور) بە دووری (٦٠ کم) لە باشوری ڕۆژهەلاتی شاری (بابل) دۆزراوەتەوە (Westbrook and Lafont, 2003: 184.

[vii] لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن لێژنەیەکی شوێنەوارناسی لە زانکۆی (پنسلڤانیا) کنەکاری لە شوێنەواری شاری (نفر) ئەنجامدرا، لە نێو پاشماوەکاندا یاسای (لبت عشتار) لە سەر چوار پارچە تابلێت دۆزرایەوە (باقر، ١٩٤٨: ٤ـ ١٤; Kramer, 1969: 159 – 160).

[viii] ئیسن Isin: دەوڵەتە شارێکی (ئامورییەکان) بوو، لە ئێستادا پاشماوەکانی بە (ایشان بحریات) ناسراوە، دەکەوێتە دووری (٢٥کم) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری (نفر)، لە ساڵی (١٩٧٣) لێژنەیەکی شوێنەواری ئەڵمانی کنەکاریان تیادا ئەنجامداوە و کۆمەڵێک پاشماوی شوێنەواری تیایدا دەرکەوتووە (باقر، ٢٠١٢: ٤٤٨).

[ix] ئێشنونا Eshnunna: شانشینێک بوو لە سنووری پارێزگای (دیالە)ی ئێستا، پاشماوەکانی دەکەونە گردی (ئەسمەر) بە دووری (٨٠ کم) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی (بەغداد)ی ئێستا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی، کنەکاری لە ناوچەکەدا ئەنجامدا و چەندین پاشماوەی شوێنەواری گرنگ تیایدا دەرکەوتن (باقر، ٢٠١٢: ٤٥٢, ٤٥٥).

[x] وڵاتی بابل Babylonia: ناوچەیەکی دەشتایی بە پیت و دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو، سنورەکەی لە نێوان هەردوو ڕووباری (دیجلە و فورات) لە باشوری وڵاتی دووڕوبار هەتا سەر دەریا کەنداوی عەرەبی کشاوە، کە چەندین شار و ئاوایی لەخۆی گرتبوو، بەشێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی بازرگانی دەکەوتنە ئەو وڵاتە ئەمەش گرنگی و پێگەی لە لایەنی ئابوری زیاتر کردبوو (Langdon, 1928: 365, 360).

[xi] وڵاتی ئاشور Assyria: وەک سێگۆشەیەک دەردەکەوێت لە نێوان ڕووباری دیجلە و زێی سەروو و زێی خواروو، لە باکور و ڕۆژهەڵاتیدا ناوچەی چیایی بەرز و سەخت، لە نێوانیاندا دەشتی بە پیت هەیە، ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشور ڕێژەوی سەرەکی هاتووچۆ بوونە (سلیم، ١٩٨٩: ٣١٣).

[xii] مێژووی زنجیرەی ناوبراو (ana ittishu)، بۆ شاری نیپور دەوروبەری (١٩٠٠ـ ١٦٠٠پ.ز) سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار لەلایەن (Landsberger Materialien zum Sumerichen Lexecon) دا بڵاوکراونەتەوە، بابەتەکانی زنجیرەی ناوبراو بە تایبەتی ماددە یاساییەکانی، سەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١ـ ٦١٢ پ.ز) کە لە قوتابخانەکاندا خوێندراون (Peinado, and Gonzalez., 1994: 73 – 81).

[xiii] ناوەڕۆکی یاساکە باسی بابەتەکانی وەک (قەرز، قازانج و باج لە سەر مامەڵەی دانەوێڵە، بازرگانی، کڕین و فرۆشتن، پیشەوەرانی بیرە و ڕاوکەرانی ماسی) پێدانی بڕی قەرەبووی زیانەکان دەکەن (Driver, and Miles, 1960: 319 – 322).

[xiv] کول تەپە Kul Tepe: پاشماوەی شاری (کانیش)ی کۆنە، لەئێستادا بە دووری (١٧٠ کم) دەکەوێتە باشوری ئەنکەرە، دوای کنەکاری شوێنەوارناسانی (تورکی- چیکی) چەندین پاشماوەی شوێنەواری وەک (خانوو، مۆر، بەڵگەنامە و گرێبەستی بازرگانی... هتد) تیایدا دۆزراوەتەوە (Laessoe: 1963: 25- 26).

[xv] لەخۆگرتن (التبنی) بریتییە لە پرۆسەی لەخۆگرتنی کوڕ/کچی کەسانی دیکە، بەپێی گرێبەستێک و بە کۆمەڵێک ئامانج، بە تایبەتی مانەوەی گیانی هاوکاری و کۆمەڵایەتی، بە پێدانی منداڵێک بە ژن و پیاوێک بە کۆمەڵێک هۆکار، لە زۆربەی شارستانییەتە کۆنەکاندا ئەم دیاردەیە هەبووە (عامر، ٢٠٠٨: ١٤، ٤٩).

[xvi] دەقی ئاماژە بۆکراو، چەندین دەقی ئەدەبی لە نێو کتێبخانەی ئاشور بانیپاڵ Ashurbanipal دا هاتوون، بەشێکیان پەیوەستن بە شیعر و نامەی دڵداری، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Lambert, 1996: 225, 230).

[xvii] بە پێویست نەزانراوە تەواوی ناوەڕۆکی هەردوو (م. ١٥٥- ١٥٦) ی یاسای حامورابی بخرێنەڕوو، چونکە مەبەستمان زیاتر دیاریکردنی ئەرک و ڕۆڵی باوکە لە خوازبێنی کچێک بۆ کوڕەکەی، ناوەڕۆکی هەردوو ماددەکەش ئاماژە بە سزای تووند، لە ئەگەری دەستدرێژی باوکی زاوا (خەزور) بۆ سەر بووکەکەی کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Meek, 1969 c: 172).

[xviii] نیپور/نفر: شارێک بوو لە باشوری ڕۆژهەڵاتی بابل بە دووری (٤٥ میل)، ناوەندێکی گرنگی ئاینی (سومەری و بابلی)یەکان بوو، لە ساڵی (١٨٨٨- ١٩٠٠/ ١٩٤٩- ١٩٦٣) لەلایەن لیژنەیەکی شوێنەوارناسی لە زانکۆی (شیکاگۆ و پنسلڤانیا) کنەکاری تیاداکراوە و چەندین پاشماوەی گرنگی شوێنەواری دەرکەوتوون (باقر، ٢٠١٢: ٢٩٩).

[xix] بەروارد بەیاسای بابلی و ئاشوری، چواردە جۆری قەدەغەکراو و حەرامکراوی هاوسەرگیری مەحرەمەکان، لە قورئان (سورة النساء/ الآیتین ٢٣- ٢٤)دا ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ نمونە: هاوسەرگیری لەگەڵ دوو خوشک لە یەککاتدا، هەروەها ئەو ئافرەتەی شیری پێی داوە (السیوطی و الواحدی، ٢٠٠٣: ٨١).

[xx] بەشێک لە پاشاکانی (حاتی و میسری)یەکان خوشکی خۆیان لە خۆیان مارەکردووە، ئامانجی سەرەکی تیایدا مانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی لە نێو بنەماڵەی شاهانەدا بووە، بەپێی بیروباوەڕی ئاینی و بەگوێرەی بەشێک لە ئەفسانەکان، گوایە پاشاکان خوێنی خواوەندیان لە لەشدایە و لە لایەن خواوەندەکانەوە ئەم پلە و پایەیان پێ بەخشراوە و پیرۆزە و تایبەتە بە بنەماڵەی شاهانە (لیرنیر، ٢٠١٣: ٢٩٨).

[xxi] لە بیروباوەڕی میسری کۆن فیرعەونەکان بە بەشێک لە کۆمەڵەی خواوەندان و بە نەمر لە قەڵەم دراون، تەنانەت دوای دەرچوونی گیان لە جەستەیان، بۆ سەرەوە و جیهانی تر بەرزدەبنەوە (إلیاد، ١٩٨٦: ١١٤).

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


- عبدالمنعم, أحمد ربیع (٢٠١٧) *نابوخەزنەسەر و مەملەکەتی بابل – دۆخی رامیاری و ئایین و نەتەوە کۆنەکانی عیراق*. و: گەرمیان, چاپی یەکەم, سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
- العلوجی، عبدالکریم (٢٠١٣) *حامورابی یەکخەرەوەی نیشتیمانی دوو روبار*. و: گەرمیان محمد، چاپی یەکەم، سلێمانی، کتێبخانەی یادگار.


### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:


- إلیاد، میرسیا (١٩٨٦) *تاریخ المعتقدات والأفکار الدینیه*. تر: عبدالهادی عباس، الجزء الأول، ألطبعة الأولی, دمشق, دار دمشق للطباعة.

ـ باقر، طه (١٩٤٨) *قانون لبت عشتار*. مجلة سومر, ٤ (١).

......... (١٩٥٥) مقدمة *فى تاريخ الحضارات القديم- تاريخ العراق القديم*, بغداد, الطبعة الثانية.

.......... (١٩٧٦) *الشرائع والتنظيمات القانونية فى وادى الرافدين*، مجلة المجمع العلمى العراقى (٢٧).

......... (٢٠١٢) *مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة, الجزء الاول*, بيروت. دار الورق للنشر.

ـ البكرى، عبدالباقى، و البشير، زهير (٢٠٢١) *المدخل لدراسة القانون*، السليمانية، مكتبة يادگار.

ـ ثليجي، أحمد (٢٠٢٠) *نظام الزواج في المجتمع العراقي القديم ـ دراسة تاريخية قانونية*, جامعة زيان عاشور، مجلة البحوث التاريخية ٤ (١), ص (٩٥ـ ١٢٠).

ـ جعفر، محمد (٢٠٠٢) *نشأة القوانين و تطورها*. بيروت, مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.

ـ الحافظ، هاشم، و النداوى، آدم (١٩٨٩) *تاريخ القانون*. بغداد، مطبعة الجامعة بغداد.

ـ الخفاجي, مصطفى كريم (٢٠١٣) *تاريخ القانون فى المجتمعات القديمة ـ قانون حمورابى أنموذجا*. مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٣ (٢).

ـ دوراند، جان مارى (٢٠١٤) *ارتكاب المحارم فى القوانين البابلية القديمة*: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، ألطبعة الأولى, بيروت, دار الكتب العلمية.

ـ دياكونوف، ى. م (٢٠١٤) *دورالمرأة فى المجتمع البابلى*: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، الطبعة الأولى, بيروت, دار الكتب العلمية.

ـ رشيد, فوزى (١٩٧٣) *الشرائع العراقية القديمة*. بغداد, مكتبة المهتدى.

ـ ساسون، م، جاك (٢٠١٤) *قانون العائلة ـ السلطة الأبوية*: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، ألطبعة الأولى, بيروت, دار الكتب العلمية.

ـ ساكز، هارى (١٩٧٩) *عظمة بابل*. تر: عامر سليمان، موصل, دار الكتب للطباعة والنشر.

............ (٢٠١١) *عظمة آشور*. تر: خالد اسعد و احمد غسان، دمشق, دار رسلان.

ـ ستين, لويد (٢٠١١) *فى الشرق الأدنى القديم*. تر: محمد درويش, بغداد, دار المأمون للنشر.

ـ سليمان, عامر (١٩٧٧) *القانون فى العراق القديم دراسة تاريخية قانونية مقارنة*, بغداد، دارالكتب.

ـ سليم، احمد امين (١٩٨٥) *الأسرة فى العراق القديم ـ دراسة من خلال أدب الحكم و النصائح*. بيروت, دارالنهضة العربيه للنشر.

............ (٢٠١١) *حضارة العراق القديم*: دراسات تاريخ و حضارة مصر و الشرق الأدنى القديم. الاسكندرية, دار المعرفة الجامعية.

ـ سليم، سعيدى (٢٠٠٩) *القانون والأحوال الشخصية فى كل من العراق والمصر ٢٠٥٠ـ ٣٣٢ ق.م*. رسالة الماجستير، جامعة منتورى، قسنطينة.

ـ صالح، عبدالعزيز (٢٠١٢) *الشرق الأدنى القديم مصر و العراق*. الجزء الاول، مكتبة الانجلو.

ـ عامر، عبدالطيف (٢٠٠٨) *التبنى بين التاريخ والشرائع*. القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

ـ عبدالكريم، قصى منصور (٢٠١٦) *علامة العبودية والعملية الجراحية لإزالتها فى العراق القديم ـ دراسة فى ضوء الكتابات المسمارية القانونية*. بغداد، مطبعة الجامعة بغداد.

ـ عقراوى، ثلماستيان (١٩٧٨) *المرأة دورها و مكانتها في حضارة* وادى الرافدين، بغداد، دار الشوؤن الثقافية العامة.
ـ فينكلشتاين و آخرون (١٩٩٣) *وثائق من تطبيق القانون*: شريعة حمورابى واصل التشريع فى الشرق القديم، تر: اسامة سراس، الطبعة الثانية، دمشق، دار علاء الدين.
ـ قاشا، سهيل (١٩٨٤) *المرأة فى الشريعة حمورابى*. الطبعة الأولى، موصل، منشورات مكتبة بسام.
ـ كابليس، ريتشارد (١٩٩٥) *المقدمة التمهيدية للغة الأكدية*. تر: عبدالرحمن دركزلى, حلب, د م. ط.
ـ ليرنر، غيردا (٢٠١٣) *نشأة النظام الأبوى*. تر: أسامة اسبر، بيروت، المنظمة العربية للترجمة.
ـ ليمى, هنرى (٢٠١٤) *الصياغة فى العراق القديم*: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين تر: حسيب الياس, الطبعة الاولى، بيروت، دار الكتب العلمية.
ـ محمد، محسن (٢٠١٦) *الثقافة القانونية و دورها فى المجتمع*. مجلة جامعة تكريت للحقوق، ١ (٢).
ـ الميالي, وليد سعدي, و هلال, زينب عبدالله (٢٠١٢) *الملك لبت عشتار (١٩٣٤ـ ١٩٢٤ق. م) في ضوء النصوص المسمارية المنشورة*، مجلة الاستاذ للعلوم الإنسانية والإجتماعية, (٢٠٢).
ـ الناهى, صلاح الدين (١٩٤٩) *تعليقات على قوانين العراق قبيل ظهور شريعة حمورابى*. مجلة السومر, (١), ص (٣٧ـ ٤٨).
ـ الهاشمى, رضا (١٩٧١) *نظام العائلة فى عهد البابلى القديم*. بغداد, منشورات المكتبة الأندلس.
............ (١٩٨٥) *القانون والأحوال الشخصية*. حضارة العراق (٢)، ص (٦٣ـ ١٠٧).

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

ـ Abulwahab, Saad, (2017) *The Law Code of Hammurabi*: Transliterated and Literally Translated from its Early Classical Arabic Language, New York, Publications and Research John Jay College of Criminal Justice.
ـ Driver, G. R., Miles. J. C, and Meek, J. T (1975) *Middle Assyrian Law Code*, Tablet A: *Ancient Near Eastern texts: Relating to the Old Testament,* Princeton, N.J: Princeton University Press.
ـ Dalley. S., and Postage. J.N (1984) *The tablets from Fort Shalmaneser* ( texts from Nimrud 3) Oxford, British Institute for the study of Iraq, vol. 3.
ـ Finkelstein, J. J (1969) *The Laws of Ur- Nammu:* ANET, New Jersey, Ancient Near Eastern Texts.
ـ Goetze, A (1969) *The Laws of Eshnunna*: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.
ـ Gelb. I, and others (1998) *The Assyrian Dictionary,* fourth edition, Chicago, published by the Oriental Institute, vol. 1, part. 1,
ـ Harper. R. F (1904) *The Code of Hammurabi King of Babylon about 2250 B.C*, Chicago, Callaghan, The University of Chicago Press.

- Jastrow, M (1915) *The Civilization of Babylonia and Assyria*: LIPPINCOTT Company, Philadelphia, The Washington Square Press.

……………… (1921) *An Assyrian Law Code*: Journal of the American Oriental Society, Vol. 41, Published by American Oriental Society.

- Johns, C. H. W (2009) *Babylonian and Assyrian Laws, Contracts and Letters*, London, Published by Queens College, Cambridge.

-Kramer. S, N (1969) *Lipit-Ishtar Lawcode*: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.

- Lambert, W. G (1996). *Babylonian wisdom literature*. Winona Lake, Indiana, Reprinted by Eisenbrauns.

- Langdon, S, H (1928) *Early Babylonia and its Cities*: CAH, Vol.1, part. 2.

- Laessoe, J (1963) *People of Ancient Assyria*, (www.aina.org).

- Meek, J. T (1969 a) *The Neo-Babylonian Laws*: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press

…………… (1969 b) *The Middle Assyrian Laws*: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.

…………… (1969 c) *The Code of Hammurabi*: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.

-Oppenheim, L (1977) Ancient Mesopotamia: Portrait of a Dead Civilization, Chicago, The University of Chicago press.

- Parpola, and others, (2007) *Assyrian –- English – Assyrian Dictionary*: University of Helsinki.

- Postgate, N (1994) *Early Mesopotamia*: Society and Economy at the Dawn of History, New York.

- Pritchard, J. B (1974) *Ancient Near Eastern Texts Relating to the Old Testament*: Akkadian Proverbs Counsels, Princeton University Press.

- Peinado, L, Federico, y, and Gonzalez, F, Lara (1994) *Los primeros codigos de la humanidad*, Madrid.

Roth, M. T (1995 a) *Laws of Hammurabi, ca. 1750 B.C.E, Babylon*: WASBL, Law Collections from Mesopotamia and Asia Minor, v.6, Atlanta.

……… (1995 b) Neo-Babylonian Laws, 700 B.C.Sippar: WASBL, v.6, Atlanta.

-Troy, B (2004) *A Study of Women's Legal Status in the Ancient Near East*, Ohio, Miami University Oxford.

-Veenhof, K. R (2007) *Mesopotamia – Old Assyrian period*: OBO, Vol. 2, Zurich: Orbis biblicus et orientalis.

**ملخص**

اختيار (أنواع الزواج في القوانين البابلية والاشورية المدونة) كعنوان لهذا البحث العلمي، ينبع من ان القوانين البابلية والاشورية كاثنين من أقدم واهم القوانين في التاريخ البشري بعد القوانين و الاصلاحات السومرية، اولوا الاهتمام بالاسرة و تنظيم العلاقات الاجتماعية, و كذلك تم الاهتمام بواجبات و حقوق أفراد الأسرة في إطار هذه القوانين بشكلٍ، مما يجعلها تستحق أن تكون زواياها المختلفة موضعا للبحث و أبعادها المتنوعة جديرا للتفسير.

و قد خصص البحث لأنواع الزواج و شروطه، في قوانين الاشورية والبابلية و انعكاسها على المجتمع ، وعرضت فيها الأبعاد الاجتماعية لهذا الجانب المبين في موادها و فقراتها، والتي تمت تفسيرها بالاعتماد عل مجموعة من المصادر العلمية و آراء العلماء والباحثين.

تتكون البحث، بالاضافة الى هذا الملخص المكتوب باللغات الكردية والعربية والانجليزية، و كذلك قائمة المصادر و أهم النتائج التي توصل إليها البحث، من ثلاثة محاور الرئيسية، والتي تمت ترتيبها كالتالي:

١. الأسرة واعظاءها في قوانين البابلية و الاشورية المدونة.
٢. انواع الزواج في قوانين البابلية و الاشورية المدونة.
٣. شروط الزواج و ومكوناتها في قوانين البابلية و الاشورية المدونة.